# شۆردنی یەک لەدوای یەکی ئەندامەکانی دەست نوێژ
# مەرجە بۆ دروستی دەست نوێژ

[ كردي – کوردی – kurdish ]

موفتی : لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی وفەتوادان

وەرگێڕان : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ الموالاة شرط في صحة الوضوء ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# شۆردنی یەک لەدوای یەکی ئەندامەکانی دەست نوێژ
# مەرجە بۆ دروستی دەست نوێژ

**پرسیار :** ئایا ئەگەر کەسێك لەبیری چوو لەکاتی دەست نوێژدا بەشێکی بچووك لەئەندامێکی بشوات، ڕاستەوخۆ پاش دەست نوێژگرتنەکەی بیری کەوتەوە، ئایا دەست نوێژەکەی بگرێتەوە یان پێویست دەکات تەنها ئەو شوێنە بشواتەوە؟

پرسیارێکە ولەلایەن لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی وفەتوادان وەڵام دراوەتەوە .

**وەڵام :** شۆردنی یەك لەدوای یەکی ئەندامەکانی دەست نوێژ بەشێوەیەك هێندە نێوانیان نەکەوێت کە ووشك بونەوە لەنێوانیاندا ڕوودات، کە بەئیصطلاحی فیقهی پێی دەوترێت ( الموالاة ) مەرجە بۆ دروستی دەست نوێژ، ئەگەر کەسێك لەبیری چوو ئەندامێکی دەست نوێژی یان بەشێکی بشوات ئەگەر چی بەشێکی بچووکیش بێت، جا ئەگەر لە کاتی دەست نوێژ گرتنەکەیدا یان پاشتر ڕاستەوخۆ بیری کەوتەوە وشوێنەواری ئاو بەسەر ئەندامەکانیەوە مابویەوە و ووشك نەبوو بووەوە، ئەوە ئەو کاتە ئەو ئەندامەی یان ئەو بەشەی کەلەبیر چووە ولەگەڵ ئەندامەکانی دوای ئەو ئەندامە دەشواتەوە، بەڵام ئەگەر کاتێك بیری کەوتەوە کە شوێنەواری ئاو بەسەر ئەندامەکانیەوە نەمابویەوە، یان لەکاتی نوێژەکەیدا یان پاش نوێژکردنی بیری کەوتەوە، ئەوە پێویست دەکات جارێکی تر و سەر لەنوی دەست نوێژەکەی بگرێتەوە، هەروەك شەریعەتی خوای گەورە فەرمانی

پێكردووه نوێژەكەیشی جارێكی تر بكاتەوه، چونكه لەم كاتەدا مەرجی ( مولاة ) جێ بەجێ نابێت لەبەر ئەوەی نێوانیان زۆر كەوتووه، خوای گەورەش واجبی كردووه كە سەرجەم ئەندامەكانی دەس نوێژ بشۆررێت، جا هەر كەسێك ئەندامێكی یان بەشێكی هەرچەندە كەمیش بێت لەبیری چوو كە بیشوات ئەوه وەك ئەوه وایە هەموو ئەندامەكانی دەستت نوێژی واز لێ هێنابێت، ئەمەش بەبەڵگەی : ( ما رواه عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال: رأى رسول الله صلى الله عليه وسلم رجلا توضأ فترك موضع الظفر على قدمه ، فأمره أن يعيد الوضوء والصلاة . قال : فرجع فصلى ) { أخرجه أحمد ١/21، 23 ، ومسلم ١ / ٢١٥ برقم ( ٢٤٣ ) ، وابن ماجه ١ / ٢١٨ برقم ٦٦٦},.واتە : عومەری كوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوه كەپێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) پیاوێكی بینی بەئەندازەی جێگا نینۆكێكی لەبیری چوو بوو بیشوات لەكاتی دەستت نوێژگرتندا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێكرد كە دەستت نوێژەكەی بگرێتەوه و نوێژەكەیشی دووبارە بكاتەوه، ئەمجا عومەر ووتی : پیاوەكە گەڕایەوه دەستت نوێژەكەی گرتەوه ونوێژەكەیشی دووبارە كردەوه .

خوای گەورە لەهەموو كەس زانا وشارەزاترە .

سەرچاوه : بەرگی ٤ / لاپەڕە ٩٢ ، فەتوای ژمارە ( ٢٠١٩٦ ) لەفەتواكانی لیژنەی هەمیشەی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستیی وفەتوادان لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە .